# ژنی کورد لە پەراوێزی سیاسەتی کوردی و نێودەڵەتیدا

نەزەند بەگیخانی

رۆژی یەکشەمەی رابردوو رێکەوتی 13/ 07/ 03 پێکهاتنی ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق راگەیەنرا. ئەنجومەنەکە پێکهاتووە لە 25 کەس و تەنها سێ ژن دەگرێتە خۆی کە دووانیان عەرەب و یەکێکیشیان تورکمان. ژنی کورد، سەرەڕای ئەزموونێکی دوور و درێژ لە خۆڕێکخستن و کاروبار بەڕێوەبردندا، هەروەکو چۆن لە پرۆسەی سیاسیی کوردی و پرۆژەی بڕیارداندا پاشکۆیە، لە سەر ئاستی سیاسەتی عێراقی و نێودەوڵەتیشدا خراوەتە پەراوێزەوە.

ئاشکرایە کە دیاریکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی ناوبراو بە پرۆسەیەکی ووردی پشکنین و لێکۆڵینەوەی نوێنەرانی هێزی هاوپەیمان، لە سەرووی هەموانەوە پۆل برێمەر دا تێپەڕیوە، لەگەڵ ئەمەش، زۆربەی ئەندامانی ناو ئەنجومەن، جگە لە کورد و چەند شیعەیەک نەبێ، شەرعیەتی سیاسیان نیە. ئەندامە ژنەکان بە پاڵپشتی پیاوان و حزبەکانیان مافی نوێنەرایەتیان پێدراوە نەک بە پاڵپشتی ئەزموونی سیاسیی شەخسی یان ئاستی رۆشبیری و خەباتی فێمینیستانەیان. ئەمەش مەترسی ئەوەی هەیە کە لە داهاتوودا ئەم ژنانە زیاتر بە تەنگ خزمەتی ئایدیۆلۆژیای حزبەکانیانەوە بن نەک بە تەنگ خزمەتی ژن و کۆمەڵگە. ئەگەر ئەزموونی سیاسی و خەباتی فێمینیستی و ئاستی رۆشنبیری و بەتوانایی لە کاروبار بەڕێوەبردندا لە پرۆسەی دیاریکردنی ئەندامە ژنەکاندا لەبەرچاو بگیرایە، ئەوە ژنانی کورد گەورەترین شەرعیەتی نوێنەرایتان دەبردەوە.
سەرەڕای ئەوەی کە بەدرێژایی حوکمی رژێمی بەعس ژنانی کورد چەوساوەترین چینی کۆمەڵگەی عێراق بوون و زۆرترین قوربانیان داوە، نەک هەر توانیویانە لە حالەتی قوبانیبوون و دەستەوەستانی دەربچن، بەڵکو لە خەباتی هەمیشەیی دابوون بۆ چاککردنی بارودۆخی خۆیان و کۆمەڵگە و وەدەستهێنانی دادوەری و ئازادی. لەماوەی دوانزە ساڵی رابردوودا، ژنانی کورد بە ئەزموونێکی چڕی خۆڕێکخستن و پرۆسەی بەڕێوەبردن و ئاوەژووبوون (emancipation) دا تێپەڕین. سەرەڕای کەم دەرامەتی و خۆبەستنەوە بە حزبەکانەوە و هەروەها سەرەڕای پشتگوێخستن و بایەخ نەدانی سیاسەتمەداران پێیان، ژنان رۆڵی سەرەکیان هەبوو لە دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە بەداخەوە لەبەر بارودۆخی سیاسی و پێکهاتەی حزبە کوردیەکان گەشەی نەکردووە. دەتوانین چەند نمونەیەکی دیاری ئەو خەباتە لە سێ خاڵدا دەربڕین:

1. لە ساڵی 1992 و دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و راگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژنانی کورد کەوتنە جموجۆڵ و ئیمزا کۆکردنەوە بۆ گۆڕینی چەند بڕگەیەکی یاسای ئەحوالی شەخسی عێراقی دژ بە مافی مرۆڤی ژن کە دەسەڵاتدارانی

کورد بەبێ دەستکاری بۆ زیاتر لە نۆ ساڵ پیادەیان کرد، هەروەکو دیاردەیەکی باوی کوردی، ئەو ژنانە لە کاتی خۆیدا گوێیان لێنەگیرا. دواتر لە ئەنجامی کۆڵنەدان و خەباتی بەردەوامی ژنان لە ناوەوە و لە دەرەوەی کوردستان و فشاریان بۆ سەر دەسەڵاتداران، کۆمەڵێ ریفۆرم لە یاسای ناوبراودا کرا و روویەکی مەدەنی بە کۆمەڵگەی کورد بەخشی.

2. لە ساڵی 1994 و دوای تەقینەوەی شەڕی خۆکوژی نێوان پارتی و یەکیێتی، کۆمەڵێ ژنانی کورد رێپێوانێکی ئاشتیخوازانەیان لە سلێمانیەوە تا هەولێر دەست پێکرد بە ئامانجی ئاشتکردنەوەی سەرانی پارتی و یەکیێتی و گەڕاندنەوەی شەرعیەت بۆ پەرلەمان و حکومەت. هەرچەندە سەرانی هەردوو حزب پشتگوێیان خستن، ئەم رووداوە خاڵێکی مێژوویی گەورەیە لە خەباتی ژنی کورد بۆ ئاشتی و ئازادی.

3. لە ناوەڕاستی ساڵی دوو هەزاردا، کۆمەڵێ ژنی کورد لە لەندەن دوو لێپرسراوی گەورەی سەر بە هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کوردیان بانگهێژ کرد بۆ رووبەروبوونەوەیەکی جەماوەری و داوایان لێکردن هەڵوێستی حزبەکانیان لەمەڕ مەسەلەی ژنکوشتن بە بەهانەی نامووسپەرستیەوە رابگەیەنن. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا پێشنیار و داخوازیی خۆیان خستە بەردەم نوێنەرەکان و داوایان لێکردن هەنگاوی پراکتیکی بنێن بۆ پاراستنی ژن و کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان. شایانی باسە کە هەر لە هەمان ساڵدا، ژنی کورد دەنگی گەیشتە نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ یەکەمین جار بارودۆخی ژنانی کورد لە بارەگای UN لەبەردەم زیاتر لە سەد و پەنجا نوێنەر لە باسێکدا پێشکەش کرا. لە کاتێکدا سیاسەتمەدارانی کورد خەریکی خۆکوژی و شەڕە کورسی بوون، بارودۆخی ژنان و خێزانی ئەنفالکراوەکان لە لایەن ژنی کوردەوە بە UN کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناسێنرا و داوای بەدواداکەوتن و چارەسەریان لێکرا[1].

ئەمانە تەنها چەند نمونەیەکن لە خەباتی درێژخایەنی ژنانی کورد بۆ ئازادی و دادوەریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڵام بەداخەوە ئەو خەباتە رێزی لێنەگیراوە و بێنرخ کراوە و ژنانی کورد لە سیاسەت و ئاخاوتنی حزبەکاندا نزم کراونەتەوە و هەرگیز مامەڵەی مرۆڤێکی تەواویان لەگەڵ نەکراوە. ئەم راستیە بە تایبەتی لە رەفتار و ئاخاوتنی سەرکردە سیاسیەکانی کورد سەرچاوە دەگرێت.

[1] . بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم باسە، تکایە سەردانی ئەم سایتە بکە:
http://www.kurdishmedia.com/kwahk/nb_kurdishwomendemand.htm

له ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەم (دیسێمبەر) ی ساڵی رابردوودا و دوابەدوای کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی له لەندەن، دەسەڵاتدارانی ناو ئۆپۆزیسیۆن لیژنەیەکی تەنسیقیی بەرپرسیان پێکهێنا بۆ بەدواکەوتنی کاروبار. ئەندامانی لیژنەکە بریتی بوون له 62 ئەندامی پیاو و سێ ژن. ژمارەیەک لەو ئەندامانە ئیمڕۆ له مەیانی ئەنجومەنی حوکمڕانی عێڕاقدان. شایانی باسە، له کۆبوونەوەکە بەڕێزان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، جگە لەخۆیان، مافی هەڵبژاردنی کەسی دووەمیان هەبوو. هەریەک لەم بەڕێزانە کۆنە دەسەڵاتدارێکی بەعسیان دیاری کرد بۆ بوون به ئەندامی لیژنەی ناوبراو: تاڵەبانی وەفیق ئەلسامەرایی و بارزانی– ش مەشعان ئەلجەبوری هەڵبژارد. دیارە جگە له مەبەستی بێ بنچینە و مەرامی شەخسی، هەڵبژاردنی ئەو دوو کەسە گومان لێکراوە له لایەن دوو سەرکردەی کوردەوە هیچ ستراتیژییەتێکی کوردیی هەڵناگرێ و جێگەی شەرمەزاریشە. ئەگەر تاڵەبانی و بارزانی له زەمەنی خۆیاندا بژیابان و یەکسانیخواز بوونایە، دەبوایە دەنگ بۆ دوو ژنی لێهاتووی کورد بدەن که ژمارەیان زۆرە لەناو خودی یەکیێتیش و پارتیشدا.

بایەخ پێنەدان و پشتگوێخستنی ژن له لایەن سەرکردە کوردەکانەوە که له هەزاران رووداوی دیکەدا دووپات بۆتەوە، راستییەکمان پێدەڵێ: ئەویش ئەوەیە که ژنی کورد له سیاسەتی سیاسەتمەدارانی کوردیدا گرنگی نیە و له پرۆژەی سیاسیی گرنگدا خراوەتە پەراوێزەوە و وەکو هاوکارێکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە. ئەو لەپەراوێزنان و کەمکردنەوەیەی ژنی کورد له سیاسەتی نێونەتەوەیشدا رەنگی داوەتەوە که ئیمڕۆ له پێکهاتنی ئەنجومەنی حوکمڕانی عێڕاقدا به ئاشکرایی دەبینرێ. نەبوونی ئەندامێکی ژنی کورد له ناو ئەنجومەنی ناوبراودا به پلەی یەکەم هەڵەی سەرکردە کوردەکانە. بەڵام ژنانیش بێتاوان نین لەم هاوکێشەیەدا.

بێدەنگی ژنانی کورد له بەرامبەر رەفتار و سیاسەتی سەرکردەکان، نەک تەنها واتای رازیبوون بەو سیاسەتە دەگەیەنێ، بەڵکو شەرعیەتیشیان پێدەدا، به تایبەتی کاتێ له کۆڕ و کۆبوونەوەکانیان به راشکاوی دەڵێن «ژنی بەتوانامان نیە». ئەم وتەیە به پلەی یەکەم له نرخی ژنانی ئەندام و کارمەندی ناو حزبەکان کەم دەکاتەوە. بۆیە پێویستە ئەوان له ریزی پێشەوەی رەخنەگر و ناڕەزایی دەربڕان بن. بزووتنەوەی ژنانی کورد دژ به توندوتیژی ناسراو به (کواک) تاکە رێکخراوی ژنان بوو که دوابەدوای کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و رەخنەی له سیاسەتی به پاشکۆکردنی ژنان گرت . له نامەیەکی کراوەدا بۆ UN و جۆرج بوش و تۆنی بلێر، کواک ئاماژەی بۆ له پەراوێزنانی ژنان لەناو پێکهاتە و سیاسەتی گرووپە جیاجیاکانی سەر به ئۆپۆزیسیۆن کرد و سەرنجی راکێشان بۆ گرنگیدان به رۆلی ژن له پرۆسەی ئاشتی و بنیاتنانەوەی عێراقدا[2]. کواک وەکو رێکخراوێکی

---

[2]. بۆ زانیاری دەربارەی ئەم نامەیە بڕوانە:
http://www.kurdishmedia.com/kwahk/kwahk_un_turkey.htm

سەربەخۆ و بێلایەن و خاوەن هەڵوێست بەم کارە هەڵسا. جێگای داخە کە هیچ کام لە رێکخراوەکانی ژنانی سەر بە حزبەکان ناڕەزاییان دەرنەبڕی و رۆژێ لە رۆژانیش رەخنەی کراوەیان لە سیاسەتی سەرکردەکانیان نەگرتووە. نەک هەر ئەمە، زۆربەی ئەو ژنانە لە ریزی پێشەوەی بەرگریکەرانن لە سەرکردەکان و رەخنە لە ژنە بێلایەن و سەربەخۆکان دەگرن کە لە کاتی پێویستدا خاوەن ووشە و هەڵوێستن.

من لەو بڕوایە دانیم کە ژنانی ناو حزبەکان ئەو بارودۆخەی ئیمڕۆیان پێخۆش بێت، بەڵام بێدەنگی و نەبوونی هەڵوێستی راگەیەنراو و ئازادیان مانای رازیبوون و داکۆکیە لە ستاتوی پاشکۆبوونیان، پێویستە ژنی کورد هۆشیار بێ بەرامبەر بەو راستیەی کە: بۆ ئەوەی گوێت لێبگیرێ و دەنگت ببیسرێ، دەبێ خاوەن دەسەڵات بیت. نەبوونی ژنی کوردی دەسەڵاتدار لەناو ستروکتوری سیاسیی عێراقدا، واتە پشتگوێخستن و بێدەنگ کردنی ژنی کورد. بۆ گۆڕینی ئەو هاوکێشەیە، ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو ژنانەی کە خۆیان خستۆتە ناو سەنگەری پیاوسالاری حزبەکانەوە بێنە گۆ و هەوڵی ریفۆرمی ئەخلاقی و سیاسی حزبەکانیان بدەن.

حوزەیرانی 2003